# چاودێری تەندرووستی لە ئینگلتەرا



**پزیشکی گشتی چیە؟**

GP (پزیشکی گشتی)، یان پزیشکی خێزان، ئەوە ئەو کەسەیە کە ئەتوانێت یارمەتیت بدات کاتێك کە تۆ ناساغی.

هەموو کەسێك لە ئینگلتەرا ئەتوانێت GP ببینێت.

تۆ پێویستە خۆت تۆمار بکەیت لە نۆرینگەی GP ناوچەکەت بۆ ئەوەی مەوعید دابنێیت.

چاوەڕێی ئەوە مەکە تا ئەوکاتەی ناساغ بیت – هەر ئێستا خۆت تۆمار بکە بۆ ئەوەی بتوانیت مەوعید وەربگریت ئەگەر لە داهاتوو ناساغ بوویت.

**دۆزینەوەی GP**

سکانی ئەو QR کۆدە بکە و پاشان پۆست کۆدەکەت بنووسە بۆئەوەی GP یەکی نزیك بدۆزیتەوە.

ڕەنگە بتوانی بە ئینتەرنێت خۆت تۆمار بکەیت یان بڕۆ بۆ پرسگەی بنکەی تەندروستی GP و داوای تۆمار کردن بکە.

تۆ پێویستت بە پێناس یان ناونیشانی جێگیر نیە بۆ تۆمارکردنی خۆت لە GP.

تۆ ئەتوانیت ئەم 'کارتی چوونە ژوورەوەیە' ی (خوارەوە) ببەی لەگەڵ خۆت بۆ تۆمارکردنی خۆت.

NHS

**I have the right to register and receive treatment from a GP practice**

I do not need a fixed address.

I do not need identification.

Anyone in England can see a GP.

NHS

**If I have any problems I can call 0300 311 2233**
**If I need more information I can visit www.nhs.uk/register**

- ☐ I may need help filling in forms.
- ☐ I may need help reading and understanding.
- ☐ I would like to speak to someone confidentially.

سکانی ئەم QR کۆدە بکە بۆ سەیرکردنی ڤیدیۆکانی دەربارەی چۆن خۆت تۆمار بکەیت لە GP و چۆن مەوعید وەربگریت بۆ پێکوتەی کۆڤید-١٩

**١١١ چیە؟**

هەروەها تۆ ئەتوانیت تەلەفۆن بکەیت بۆ ١١١ بە بێ بەرامبەر ئەگەر تۆ ناساغ بوویت و نەشتزانی چی هاوکارییەکەت پێویستە.
تۆ ئەشتوانیت داوای وەگێری زمان بکەیت ئەگەر پێویستت بوو.




**٩٩٩ چیە؟**

تۆ ئەتوانیت تەلەفۆن بکەیت بۆ ٩٩٩ ئەگەر ڕووداوی کتوپڕ بوو و پێویستیت بە یارمەتی بە پەلە بوو بۆ کێشەیەکی کتووپڕی پزیشکی داوای ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن (ئەسعاف) بکە. بەڵام پێویستە پۆستکۆدەکەتی بدەیتێ.

**A و E چیە؟**




A و E، یان ڕووداو و بە پەلە و بەشی فریاکەوتنی بە پەلە، ئەوە لە نەخۆشخانەیە، و پێویستە برۆیت بۆ ئەوێ ئەگەر تۆ کێشەیەکی پزیشکی مەترسیدارت تووش بوو.

لە سەنتەری شاری لیبدز دوو نەخۆشخانە هەیە (نەخۆشخانەی سەینت جەیمس و نەخۆشخانەی گشتی لیبدز).

ئەی A و E ئی بۆ **منداڵان** (١٦ ساڵان و خوارتر) لە نەخۆشخانەی گشتی لیبدزە (LS1 3EX، LG1)

**پزیشکی دان چیە؟**

پزیشکی دان کەسێکە کە ئەتوانێت هاوکاریت بکات کاتێك تۆ کێشەی ددانت ئەبێت. تۆ ئەتوانیت ئاسایی سەردانی پزیشکی ددانت بکەی (هەموو شەش مانگ جارێك) بۆ



پشکنینی ددانەکانت بۆ هێشتنەوەی ددانەکانت بە تەندرووستی.

### دۆزینەوەی پزیشکی ددان

ئەم بارکۆدە سکان بکە بۆ دۆزینەوەی پزیشکی ددان لە نزیکی خۆت، یان سەردانی ئەم وێبسایتە بکە https://www.nhs.uk/service-search/find-a-dentist

هەروەها تۆئەتوانیت تەلەفۆن بکەیت بۆ ١١١ ئەگەر تۆ کێشەی ددانەکانت هەبوو.

### تەندرووستی جنسی؟

تۆئەتوانیت تەندرووستی جنسیت لە پزیشکی گشتیەکەتەوە (GP) وەر بگریت یان نۆرینگەی تەندرووستی جنسی. ئەمە بۆ دەستکەوتنی هاوکاری بەستنی منداڵبوونیش بێ بەرامبەر، پشکنینی هەوکردنەوە گواستراوە جنسییەکان، و پشکنینی دووگیان بوون.

تۆ ئەتوانیت زانیارییاکان بدۆزیتەوە دەربارەی خزمەتگوزارییە تەندرووستیە جنسییەکان لە ناوچەکەی خۆت لە لای خوارەوە:

لیدز - https://leedssexualhealth.com
برادفۆرد / کێرکلیس -https://www.locala.org.uk/services/sexual-health
باکووری یۆرکشەر https://www.yorsexualhealth.org.uk/

### هاوکارییەکانیتر

### لینکین لیدز

لینکین لیدز ئەتوانێت هاوکاریت بکات بۆ شتەکانی وەکو خانوو، پارە، و مافە سۆزداری و تەندرووستی عەقڵی - https://linkingleeds.com/

تۆ پێویستە تەمەنت ١٦+ بێت بۆئەوەی لە پزیشکی گشتی GP لە لیدز تۆمار بکرێیت.

مامۆستاکەت ئەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ دەستکەوتنی پشتیوانی بە باکارهێنانی فۆرمی ناردن - https://linkingleeds.com/referral-form/

### چاودێری تەنرووستی بیڤان

چاودێری تەنرووستی بیڤان ئەتوانێت پشتیوانی ئەوانە بکات کە ناونیشانێکی جێگیرییان نیە، و/ یان داواکاری پەنارین و پەناپەرەکان - https://bevanhealthcare.org/

### بەشی تەندرووستی پەنابەرەکان (HARP)
https://www.refugeecouncil.org.uk/get-support/services/health-access-for-refugees/

### ئاپی کارکردنی گەنج
ئاپی کارکردنی گەنج ئامرازی نوسینی سیڤی CV تیایە، بەشی بەدواداچوونی تیایە، شارەزایی کار و فرسەتی کاری خۆبەخشی و بەشی پشتیوانی کەسیی (وەکو ڕێنمایی خۆراکی، پەیوەندی نەشازی ڕەگەزی لە ژن و پیاو، دوو ڕەگەزی و ڕەگەزیگۆڕاو پرسیار LGBTQ+ هاوکاری و زانیاری زیاتر) - https://youngwork.app/